پیاوێک دەهێنرێت لە ڕۆژی قیامەتدا وفڕێ دەدرێتە ناو دۆزەخەوە، ڕیخۆڵەکانی دەردەچێت و بە دەوریەوە سوور دەخوات هەروەکو چۆن گوێدرێژ سوور دەخوات بە دەوری بەردی ئاشەواندا

لە ئوسامەی کوڕی زەیدەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێی ووترا: بۆچی سەردانی عوسمان ناکەیت بۆئەوەی قسەی لەگەڵدا بکەیت؟ ووتی: ئایا پێتان وایە من قسەی لەگەڵدا ناکەم مەگەر ئێوە گوێتان لێبێت؟ واللە من قسەم کردووە لەنێوان خۆم وخۆی، حەز ناکەم شتێك بڵاو بکەمەوە کە من یەکەم کەس بم دەرگاکەی کردبێتەوە، وبە کەسێك نالێم کە فەرمانڕەوام بێت: تۆ چاکترینی لەنێو خەڵکیدا ؛ پاش ئەوەی گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «پیاوێک دەهێنرێت لە ڕۆژی قیامەتدا وفڕێ دەدرێتە ناو دۆزەخەوە، ڕیخۆڵەکانی دەردەچێت و بە دەوریەوە سوور دەخوات هەروەکو چۆن گوێدرێژ سوور دەخوات بە دەوری بەردی ئاشەواندا، ئەهلی دۆزەخ لەلای کۆ دەبنەوە ودەڵێن: ئەی فلان، ئەوە چیتە؟ ئایا فەرمانت بە چاکە ونەهیت لە خراپە نەدەکرد؟ دەڵێت: بەڵێ، فەرمانم بە چاکە دەکرد بەڵام خۆم ئەنجامم نەدەدا، ونەهیم لە خراپە دەکرد بەڵام خۆم ئەنجامم دەدا».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوران لەسەری)]

ئوسامەی کوڕی زەید -ڕەزای خوای لێبێت- پێی ووترا: ئایا ناچیت بۆ لای عوسمان -ڕەزای خوای لێبێت- بۆئەوەی قسەی لەگەڵدا بکەیت سەبارەت بەو فیتنەیەی لەنێو خەڵکیدا ڕوویداوە وهەوڵبدەیت هەمووی بکوژێنیتەوە، ئەو پێیانی ڕاگەیاند کە بە نهێنی قسەی لەگەڵدا کردووە بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی نەك بۆ وروژاندنی فیتنە، ومەبەستی لەم قسە ئەوەیە نایەوێت بە ئاشکرا نکۆڵی لە کاربەدەستان بکات لەپێش خەڵکیدا، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی دەستدرێژکاری بۆ سەر خەلیفە -فەرمانڕەوا-، وئەم کارە کردنەوەی دەرگای فیتنە وخراپەیە بۆیە نایەوێت یەکەم کەس بێت کە دەیکاتەوە. پاشان ئوسامە -ڕەزای خوای لێبێت- ووتی: ئەو بەنهێنی ئامۆژگاری فەرمانڕەواکانی کردووە وکەمتەرخەم نییە ونەرمی نانوێنێت ئەگەرچیش بەرامبەر فەرمانڕەوا بێت، وبە پوچەڵ ستایشی هیچ یەکێکیان ناکات لەپێشیاندا، چونکە ئەو بیستوویەتی لە پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم- کە پیاوێك دەهێنرێت لە ڕۆژی قیامەتدا، وفڕێ دەردێتە نێو دۆزەخ، وڕیخۆڵکانی بەخێرا دەردەچێتە دەرەوە بەهۆی گەرمی سزا وئازارەکە، و بەدەوریدا دەسوڕێتەوە هەروەکو چۆن گوێدرێژ بە دەوری بەردی ئاشەواندا سوڕ دەخوات، دەستبەجێ خەڵکی دۆزەخ لەدەوروپشتی بەشێوەی بازنەیەك کۆ دەبنەوە، وپرسیاری لێدەکەن: ئەی فلان، ئایا تۆ ئەو کەسە نەبووییت کە فەرمانت بە چاکە دەکرد ونەهیت لە خراپە دەکرد؟! ئەویش دەڵێت: من فەرمانم بە چاکە دەکرد بەڵام خۆم ئەنجام نەدەدا، ونەهیم لە خراپە دەکرد بەڵام خۆم دەمکرد.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3345